سەدر هاوخەمی بە شەهیدبوونی خامنەیی دەردەبڕێت و سەرۆک ماتەمینی لە عێراق ڕادەگەیەنێت

"سەید موقتەدا سەدر "ڕابەری ڕەوتی نیشتمانی شیعی ، پرسەو سەرەخۆشی خۆی لە جیهانی ئیسلامی کرد بەبۆنەی شەهیدبوونی سەید عەلی خامنەیی ڕابەری باڵای شۆرشی ئیسلامی ئێرانی.

دەقی پەیامەکەی سەید موقتەدا کەدەستی موتەبع کەوتووە،تیایدا هاتوو:

بەناوی خوای گەورە

خوای گەورە دەفەرموێت: «مِنَ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ فَمِنْهُمْ مَنْ قَضَى نَحْبَهُ وَمِنْهُمْ مَنْ يَنْتَظِرُ وَمَا بَدَّلُوا تَبْدِيلاً»

إنا ﷲ وإنا إليه راجعون

بە خەم و پەژارەیەکی زەرەوە.. سەرەخۆشی لە تەواوی جیهانی ئیسلامی دەکەین، بەبۆنەی شەهیدبوونی ڕابەری شۆڕشی ئیسلامی، سەیدی زانا و عابد و موجاهید و خۆڕاگر "سەید عەلی خامنەیی "ڕەحمی پیرۆز بێت ".

لە خوای گەورە داواکارین ئەم قوربانییەمان وەک یەکێک لە زنجیرەی شەهیدان و ڕاستگۆیان لە وەربگرێت، و بە بەزەیی فراوانی خۆی بخات و لە بەهەشتی بەریندا لەگەڵ باپیرانی حەشری بکات.. هەروەها بە ماوەی سێ ڕۆژ ماتەمینی گشتی لە عێراق ڕادەگەیەنین.

موقتدا سدر

1/3/2026